بافڵ تاڵەبانی جەخت لە پەیوستی "یەکگرتویی و یەکڕیزیی کورد" لەم قۆناغە دەکاتەوە

بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی ئاماژە بە پەیوستی "یەکگرتویی و یەکڕیزیی کورد" لەم قۆناغە دەکات و دەڵێت، "بەهێزیمان و پاراستنی مافەکانمان پێویستە بە تێبایی و پێکەوەیمان لە بەغدا".

بافڵ جەلال تاڵەبانی ئەمڕۆ پێنجشەممە لەمیانی کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئێندرۆ بیزلی، کونسوڵی گشتیی بریتانیا ئێنجامەکانی هەڵبژاردنی ئێنجومەنی پەرلەمان عیراق تاوتوێکرد و جەخت لە بەردەوامی هەماهەنگی نێوان لایەنەکان لەپێناو پاراستنی سەقامگیری و ئارامی لە وڵاتدا کرایەوە.

ئاماژەی بە پەیوستی "یەکگرتویی و یەکڕیزیی کورد" لەم قۆناغە کرد و وتی، "بەهێزیمان و پاراستنی مافەکانمان پێویستە بە تێبایی و پێکەوەیمان لە بەغداد".

بافڵ تاڵەبانی وتیشی، "هەمو هەوڵێک دەدەین تاوەکو لەسەر بنەمای دەستور پرسەکان یەکلابکەینەوە، تاوەکو چی دیکە خوێن نەکرێنە قوربانی و حکومەتێک لە عێراق بنیادبنرێت کە خزمەتگوزاریەت و خزمەتی هەموان بکات بێبە جیاوازی".